گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/004hq590

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# لێکەوتەکانی بێ دەوڵەتی وەک هۆکاری داهێنانی شیعر لای پەشێو

**ڕێباز حسن رحمان ئەمین**[١]    **سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی**[٢]
rebazhasan149@gmail.com    Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd
[١+٢]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق.

**پوختە:**

بێ دەوڵەتی نەهامەتییەکە؛ کورد و چەند نەتەوەیەکی بە ژمارە کەم لەسەر ئەم زەمینە بە دەستییەوە دەناڵێنن. لای زۆرینەی تاکەکانی نەتەوەکان، ئەم نەهامەتییە دەبێتە مایەی ڕەشبینی و بێ ئومێدی و دەردەسەری، بەڵام هەندێکیان دێن نەهامەتی و دەردەسەری دەگۆڕن بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانی جوانی. پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی خەم و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی کردوە بە هۆکار و کەرەستەی داهێنان. دۆخی بێ دەوڵەتبون لای پەشێو بوەتە هۆی ئەوەی شیعر وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی دەربڕین و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ بەرەنگاربونەوەی هەوڵەکانی سڕینەوە و قەدەغەکردن بەکاربێت. ئەو وەک شاعیرێکی کورد؛ ئەزمونی تاراوگە و پەنابەری چێشتوە، نمونەیەکی پڕ بە پێستە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی گۆڕینی بێدەوڵەتی و دوری لە نیشتمان، بۆ سەرچاوەی ئیلهام بۆ بەرهەمهێنانی شیعر.

ئەم توێژینەوەیە کە بەپێی ڕێبازی وەسفی-شیکاری نوسراوە، دو لێکەوتەی سەرەکی بە تەوەرگرتون کە لە بێ دەوڵەتی کەوتونەتەوە: یەکەمیان؛ نەبونی ناسنامەی نەتەوەییە کە دەبێتە هۆی کێشەی ناسنامە لای تاک و دروستبونی بۆشاییەکی قوڵ لە دەرونیدا، ئەمەش وادەکات شاعیر لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بدات. دوەم؛ ئەزمونی پەنابەربون، کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە دەرونی تاک دروست دەکات و دورکەوتنەوە لە خاک و نیشتمان هەستی غەریبی لای شاعیر دەخوڵقێنێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ بەرهەمهێنانی شیعر. ئەم دو لێکەوتەیە پێکەوە دۆخێکی تایبەت دەخوڵقێنن، خەمۆکی و لاوازی دەرونی و هەستی خۆبەکەمزانین دەگۆڕن بۆ وزەیەکی داهێنەرانە.

**کلیلە وشەکان**: بێ دەوڵەتی، بۆشایی دەرونی، داهێنانی شیعر، نەبونی ناسنامە، پەنابەربون.

# The Effects of Statelessness as a Factor in Poetry Creation in Peshew's work

**Rebaz Hassan Rahman Amin[1]** **Sangar Qadir Sheikh Mohammad Haji[2]**

[1+2]Department of Kurdish Language, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research studies the aspects and the effects of statelessness of the Kurds in the poetry of Abdullah Pashew. There are a few nations around the world that suffer from the tragedy of being stateless or in other words nations without an established and recognized state for their own. The Kurds are one of those nations that have suffered from being deprived from having an independent and free state along the history. This state of being stateless effects the individuals in a way either leads them to disappointment and various struggles, or it becomes a source for inspiration and creativity for some other individuals, artists and poets for instance. The Kurdish poet, Abdullah Pashew is one of those who has used the problem of his nation, statelessness of the Kurds, as a source for inspiration, creativity and innovation in his poetry. Pashew, an experienced poet who has gone through exile and being a refugee abroad for years, sees the statelessness as a strong tool for creativity in his poetry especially as a matter for defending national identity and expression of deep feelings and thoughts.

This research from a descriptive-analytical perspective deals with two main effects of the statelessness on the individuals. First, it argues the impact of lack of identity on individuals leading the poet to fill the void using art and poetry. Second, it deals with the feelings of exile and refugee ness of the poet that leads to artistic expression and writing poems that in fact it changes the negative feelings into creativity.

Key words: Pashew, Poetry, Statelessness, Creativity, Lack Of Identity, Refugee, And Refugee Hood, Inner-Emptiness.

## پێشەکی:

**١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لێکەوتەکانی بێ دەوڵەتی وەک هۆکاری داهێنانی شیعری لای پەشێو)، هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی بەشێك لە شیعرەکانی پەشێو، کە ڕەنگدانەوەی لێکەوتەی بێدەوڵەتین.

**٢/٠) سنوری توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەویە بریتییە لە هەر سێ دیوانی پەشێو (پشت لەنەوا و ڕو لە کرێوە، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، سەوڵم پۆلا و کەناریش دور).

**٣/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە (وەسفی -شیکاری)یە، بەپێی ئەم ڕێبازە لە سەرەتادا چەمکەکانمان ناساندوە، دواتر لە دیوانەکانی عەبدوڵلا پەشێو ئەو دەقە شیعرییانەمان وەرگرتوە و شیمانکردونەتەوە، کە پەیوەندییان بە لێکەوتەکانی پرسی بێدەوڵەت بون هەیە.

**٤/٠) کێشەی توێژینەوە:- -**

-بێدەوڵەتی چۆن کاریگەری لەسەر ئەزمون شیعریی پەشێو هەبوە؟

-چۆن شاعیر ئەم ئازاری لەدەستدانی شوناس و هەستی غەریبییەی گۆڕیوە بۆ بنیادنانی بیرۆکەی داهێنەرانە؟

**٥/٠) ئامانجی توێژینەوە:**

- دەستنیشانکردنی پاڵنەرەکانی پشت هۆنینەوەی شیعر لای پەشێو.
- دیاریکردنی مامەڵەی پەشێو لەگەڵ هەردو پرسی ناسنامە و کۆچ وەک دو دیاردەی هەمیشە ئامادە لەلای تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی.

**٦/٠) گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە پەیوەندی نێوان لێکەوتەکانی بێ دەوڵەتی و ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی زانستی دەخاتەڕو، جگەلەوەش ئەزمونی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت نیشان دەدات، کە چۆن ئەدەب بوەتە ئامرازێك بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی. لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوە لە ئەزمونی پەشێو یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە ئەدەبیاتی کوردی هاوچەرخ، کە چۆن پەشێو لە ڕێگەی داهێنانی شیعرییەوە توانیویەتی ئازار و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی بکاتە بابەتێکی دیکیۆمێنتاری لە ڕێگەی تێکستی شیعرییەوە.

**٧/٠) پرسیاری توێژینەوەکە:**

- بێ دەوڵەتی و نەبونی ناسنامەی نەتەوەیی کاریگەری لەسەر بەرهەمی شیعری پەشێو هەبوە؟
- پەشێو چۆن لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە قەیرانی ناسنامە و ئازارەکانی پەنابەری دەربڕیوە؟
- پەیوەندی نێوان ئەزمونی پەنابەری و بەرهەمی شیعری چییە؟

**٨/٠) پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوبەشی سەرەکی پێکدێت، لەبەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە، پەیوندیی بێ دەوڵەتی بە ناسنامە، پەیوەندی بێ دەوڵەتی بە پەنابەری خراوەتەڕو. بەشی دوەمی توێژینەوەکە تایبەتە بەو شیعرانەی عەبدوڵا پەشێو، کە ڕەنگدانەوەی بێ ناسنامەیی و پەنابەرین. لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ناساندنی چەمك و پێناسەی بێدەولەتی و پەیوەندی بێدەوڵەتی بە ناسنامە و پەنابەریەتی

### ١/١) چەمکی بێ دەوڵەتی:

بێ دەوڵەتی دۆخێکی مرۆیی ئاڵۆزە کە دو شێوازی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان: بێ دەوڵەتی یاساییە کە تێیدا کەس یان گروپێك لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە وەك هاووڵاتی ناناسرێن و لە مافی هاووڵاتیبون بێبەشن، "مەزندە دەکرێت کە لایەنیکەم ١٠ ملیۆن کەسی بێ دەوڵەت لەجیهاندا هەبن، ئەوانەی کە هیچ دەوڵەتێك بەهاووڵاتی خۆیان دانانێن "(Albarazi&Vanwass, 7). دوەمیان: ئەو گەل و نەتەوانەن کە هەرچەندە هاووڵاتی وڵاتێکن، بەڵام دانپێدانانی

نێودەوڵەتی و سەروەری و سەربەخۆییان نییە، واتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان نییە. لە جۆری یەکەمدا: خەڵك تەنانەت لە سادەترین مافەکانی ژیان بێبەشن، ناتوانن بە ئازادی گەشت بکەن، ناسنامەی فەرمیان نییە و لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك خوێندن و تەندروستی بێبەشن. لە جۆری دووەمدا: نەتەوەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و بەڕێوەبردنی سەربەخۆی وڵاتەکەیان بێبەشن. هۆکارەکانی دروستبونی بێ دەوڵەتی فرەجۆرن: جیاکاری نەژادی، ئایینی، گۆڕانی سنورەکان، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتان، کەموکوڕی لە یاساکانی هاووڵاتیبون، و بە سیاسەتی ئەنقەستی دەوڵەتان، هەروەها بارودۆخی مێژوویی و سیاسی وەك داگیرکاری و دابەشکردنی نەتەوەکان بۆ سەر چەند دەوڵەتێك، نمونە، "کورد دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بێ دەوڵەت کران، بەهۆی دابەشکاری بەریتانیا و فەرەنسا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ئەنجامێك لەڕوی سیاسی، ئابوری و کەلتورییەوە کەمینە و کەمتر کران لەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا (Eliassi, 2021,7).

بەگشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هۆکارەکانی تر ڕۆڵی گرنگیان هەبوە لە دروستبونی هەردو جۆری بێ دەوڵەتی؛ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هەن کە کار دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە بێ دەوڵەتی و پاراستنی مافەکانی ئەم کەسانە وەك: "ڕێککەوتننامەی ١٩٥٤، کە پەیوەندی بەپاراستنی کەسانی بێ دەوڵەتەوە هەیە، دواتر ڕێککەوتننامەی ١٩٦١، لەسەر کەمکردنەوەی بێ دەوڵەتی، کە ئامانجی خۆپاراستنە لە حاڵەتەکانی بێ دەوڵەتی" (Manly et al., 2014, 3). ئەم ڕێککەوتنامانە کاریگەر بون بۆ پاراستن و یارمەتیدانی کەسانی بێ دەوڵەت، بەتایبەت ئەوانەی لە جۆری یەکەمن.

بێ دەوڵەتی کێشەیەکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە، لەکات و شوێن و سەردەمی جیاواز دا هەبوە. "لەڕوی مێژوییەوە بێ دەوڵەتی وەك کێشەیەکی یاسایی تەکنیککراو بینراوە، بەڵام دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی بۆ سەر خەڵکی ڕاستەقینە بە ڕونی دیارن، ناکرێت ئەم کێشەیە بەجیا ببینرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەڕەهەندی جیاوازەوە کاریگەر دەبێت و بەپێچەوانەوە وەك: گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، کاروباری مرۆیی، مافەکانی مرۆڤ، مافی منداڵان، ئابوری، چاودێری تەندروستی، دیموکراسی، ئاشتی و ئاسایش و کۆچی زۆرە ملێ" (Institute on Statelessness and Inclusion, 2014, 6)

واتا بێ دەوڵەتی کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، ئەم کێشەیە تەنها ڕوە یاساییەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە چەندین بواری ژیانەوە هەیە وەک تەندروستی، پەروەردە، ئاسایش. چارەسەرکردنی پێویستی بە هەوڵی نێودەوڵەتی جدی و درێژخایەن هەیە بۆ دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و باشترکردنی ژیانی کەسانی بێ دەوڵەت. چەمکی بێ دەوڵەتی "ئاماژە بە بێمافی و لاوازی دەکات، لەمەیدانێکی گوتاری نەرێنیدا جێگیر کراوە بۆ نمونە: بێ دەوڵەتی وەك وەدەرنان بەتەواوی لە مرۆڤایەتی"(Eliassi, 2021,5). بێدەوڵەتی دیاردەیەکی مەترسیدارە، مرۆڤ لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەش دەکات، وەک دەرکراو لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەم دۆخە کەرامەتی مرۆیی پێشێل دەکات و دەبێتە هۆی لاوازی و بێدەسەڵاتی تاك لە کۆمەڵگادا. "بیرۆکەی بی دەوڵەتیش دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە و دۆخێکی سروشتی جیهانی و مرۆڤایەتی نییە، ئەوەی ڕاستەقینەیە ئەوەیە، کە خەڵکی بێ دەوڵەت دەکرێن و کێشەی کۆمەڵایەتی و سۆزداری جددی ئەزمون دەکەن لە ڕێگەی ئەم دروستکراوە کۆمەڵایەتییانەی دەوڵەت، نەتەوە و دەوڵەت" (Gubena, Groothuysen and Feenstra, 2017, 28)، دەکرێت بڵێین: بێ دەوڵەتی دۆخێکی دروستکراوی دەسەڵاتە، نەک بارێکی سروشتی، ئەم دۆخە لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسییەکانەوە بەرهەم دێت، دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی کۆمەڵانێکی زۆری خەڵک، هەرکاتێک باس لە بێ دەوڵەتی دەکرێت، دەبێت وەک بارودۆخێکی

دەستکرد سەیری بکەین، نەک دۆخێکی ناچاری و نەگۆڕ. "بێدەوڵەتی کێشەیەکی جیهانی مافەکانی مرۆڤە، کە کاریگەری لەسەر ملیۆنان تاك، خێزان و کۆمەڵگە لە سەرتاسەری جیهان هەیە، شێوەیەکی سزادانە سەرەتاییترە لە ئەشکەنجەدان، چونکە بونی سیاسی تاك لەناو دەبات کەبە درێژایی چەندین سەدە پەرەی سەندوە"(Albarazi&Vanwass, 7). بێدەوڵەتی یەکێکە لە توندترین سزاکانی سەردەمی هاوچەرخ، ئەم دۆخە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک و خێزانەکان دروست دەکات لە ڕوی کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری و ئاسایشەوە، کەسی بێدەوڵەت وەک کەسێکی نەناسراو و بێ پارێزگاری یاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، سەرئەنجام ئەمانەش هەمویان گرێیەکی دەرونی قوڵ و ڕشت لای تاکی بێ دەوڵەت دروست دەکەن.

## ٢/١) پێناسەی بێ دەوڵەتی:

هەروەك لە پێشتر خراوەتەڕو، بێدەوڵەتی وەک یەکێک لە پرسە هەرە گەورە و مەترسیدارەکانی سەردەم، بە دو شێوە خۆی دەردەخات، یەکەمیان: ئەو کەسانەی کە لەمافی هاوولاتی بون بێ بەش کراون، لە دایکبونیان تۆمار نەکراوە، دوەمیان: ئەوانەی کە لەچوارچێوەی هەرێمێکی دیاری کراو دەژین، خاوەن حکومەت و ناسنامەن، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەرییان لێ سەنراوەتەوە. هەردو جۆرەکەی بێدەوڵەتی مرۆڤ لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەش دەکەن و دەیانخەنە دۆخێکی مەترسیدارەوە، ئەم دیاردەیە کە ملیۆنان کەس لە جیهاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن، بە تەنها کێشەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو کارەساتێکی مرۆییە کە پێویستی بە چارەسەری خێرا و کاریگەر هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

بونی ئەم دۆخە لە سەردەمی ئێستادا، نیشانەی لاوازی سیستەمی نێودەوڵەتییە لە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ."هەمو مرۆڤێك بەسروشت خاوەنی مافە، بەڵام ئەم مافانە تەنیا لەچوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوە بەدی دێن، کەواتە ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی دەوڵەت-نەتەوە،لەومافانە بێ بەش دەبن"(محمد، ٢٠٢٤، ٢٨٢). ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی لەنێوان مرۆڤی بێ دەوڵەت و خاوەن دەوڵەت.

"بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنی تایبەت بە کەسانی بێ دەوڵەت، کەسی بێ دەوڵەت ئەو کەسەیە کە هیچ وڵاتێك وەك هاوولاتی خۆی قبوڵی ناکات و مافی یاساییان پێ نادات" (Gurgen, 2020). بێ دەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکە لە هەمو مافە یاسایی و سیاسییەکانی بێبەش بکرێت و نەتوانێت بەشداری لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەدا بکات.

چارەسەرکردنی ئەم دۆخە پێویستی بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی هەیە، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کەمکردنەوەی بێ دەوڵەتی. هەروەها "لەڕێکەتننامەی ١٩٥٤ی تایبەت بە باری کەسانی بێ دەوڵەت پێناسە کراوە وەك تاکێك لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە بەهاوولاتی دانانرێت،کەسانی بی دەوڵەت لاوازترین و پەراوێز خراوترین توێژەکانی کۆمەڵگەن"(Manly et al., 2014, 2). سەرەڕای چەندین ڕێککەوتننامەی گرنگ سەبارەت بە کەمکردنەوەی بێ دەوڵەتی و پاراستنی مافەکانی کەسانی بێ دەوڵەت، بەڵام بێدەوڵەتی بەردەوامە لە هەڕەشەکردن لە ژیان و کەرامەتی ملێۆنان مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان.

لەڕاستیدا؛ پێناسەی بێ دەوڵەتی بابەتێکی گرنگە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کاتێک سەیری پێناسە جیاوازەکان دەکەین سەبارەت بە بێ دەوڵەتی، دەبینین هەمویان لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا هاوبەشن، گرنگترین و سەرەکیترین خاڵ ئەوەیە کە کەسی بێ دەوڵەت ئەو کەسەیە هیچ دەوڵەتێک بە هاووڵاتی خۆی نازانێت و یاسای هیچ وڵاتێك مافی هاووڵاتی بونی پێ ڕەوا نەبینیوە.

له لایه‌کی تره‌وه، جۆری دوه‌می بێ ده‌وڵه‌تی باس له‌و که‌سانه ده‌کات که له ڕوی یاساییه‌وه هاووڵاتی وڵاتێکن، به‌ڵام له کرده‌وه‌دا ناتوانن سود له‌و هاووڵاتیبونه وه‌ربگرن، ئه‌مه‌ش له‌وانه‌یه هۆکاری جه‌نگ بێت یان کێشه‌ی سیاسی، ئه‌م جۆره بێ ده‌وڵه‌تییه کێشه‌یه‌کی ئاڵۆزتره و چاره‌سه‌رکردنی زه‌حمه‌تتره، چونکه په‌یوه‌ندی به بارودۆخی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌و وڵاتانه‌وه هه‌یه که تێیدا ڕووده‌دات. "نه‌ته‌وه‌ی بی ده‌وڵه‌ت، واته نه‌ته‌وه‌ی به‌ماف نه‌گه‌یشتو، واته نه‌ته‌وه‌ی گرفتاری نێو مێژو.

کورد یه‌کێ له‌ونه‌ته‌وه بێ ده‌وڵه‌ته به ماف نه‌گه‌یشتوانه‌یه، که کوشته‌ی ده‌ستی سته‌می قۆناغه مێژوییه‌کانه و به‌رده‌وامیش به هه‌ڕه‌شه ده‌ور دراوه و تائێستاشی ده‌گه‌ڵ دابێ بێمافی و گرفت و سته‌م و هه‌ڕه‌شه‌کان به‌رده‌وامه"(عوسمان، ٢٠١٧، ٣٥). نه‌ته‌وه‌ی کورد نمونه‌یه‌کی زیندوه بۆ ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی که به درێژایی مێژو له مافه ڕه‌واکانیان بێبه‌ش کراون، ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه، سه‌ره‌ڕای خه‌باتی به‌رده‌وام و قوربانیدانی زۆر، هێشتا له دۆخێکی نائاسایی و پڕ له هه‌ڕه‌شه‌دا ده‌ژی. به‌داخه‌وه؛ له سه‌ده‌ی بیست و یه‌که‌میشدا، کورد وه‌ک گه‌وره‌ترین نه‌ته‌وه بێ ده‌وڵه‌ته‌کانی جیهان ده‌بینرێت، به‌رده‌وام ڕوبه‌ڕوی سیاسه‌تی په‌راوێزخستن و هه‌وڵی سڕینه‌وه‌ی شوناسی نه‌ته‌وه‌یی ده‌بێته‌وه، ئه‌مه‌ش بوه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی پرسی کورد ببێته یه‌کێک له گرنگترین و ئاڵۆزترین پرسه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان که تا ئێستا چاره‌سه‌ر نه‌کراوه. "زۆرینه‌ی کورد هاولاتینامه‌ی (ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا) یان هه‌یه، ئه‌وان شایسته‌ی ئه‌وه‌ن ببنه خاوه‌نی ده‌وڵه‌تی خۆیان، پێویسته بێ ده‌وڵه‌تی سنوردار بکرێت، توێژینه‌وه جیاوازه‌کان ئاماژه به‌وه ده‌که‌ن که‌خه‌ڵكانێك هه‌ن له ناوه‌خۆدا بێ ده‌وڵه‌تن به‌بێ به‌جێهێشتنی ئه‌و شوێنه‌ی که تیایدا ده‌ژین، وه‌ك کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، زۆرجار له‌لایه‌ن سه‌رکرده‌کانی ئه‌م ده‌وڵه‌تانه‌وه به کورد ده‌وترێت که پێویستییان به ده‌وڵه‌تی کوردی نییه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گوایه چێژ له‌مافی یه‌کسانی ده‌بینن له نێو ده‌وڵه‌ته هه‌بوه‌کاندا"(Eliassi, 2021,98).ده‌نگی کورد به‌درێژایی مێژو پشتگوێ خراوه، له کاتێکدا که نه‌ته‌وه‌ی کورد خاوه‌نی که‌لتور و زمان و شوناسی تایبه‌ت به خۆیه‌تی، ئه‌م پشتگوێخستنه له ئاستی نێوده‌وڵه‌تیدا به‌رده‌وام بوه و بوه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی گه‌لی کورد نه‌توانێت به ته‌واوی گوزارشت له خواست و داواکارییه ڕه‌واکانی خۆی بکات، له زۆر بواردا ده‌نگیان له بڕیاره چاره‌نوسسازه‌کاندا به‌هه‌ند وه‌رنه‌گیراوه.

به تێگه‌یشتنمان له‌م پێناسانه‌ی له‌ڕوانگه جیاوازه‌کانه‌وه بۆ پرسی بێ ده‌وڵه‌تی، ده‌کرێت بڵێین: بێ ده‌وڵه‌تی دۆخێکی سیاسی و یاساییه، تێیدا تاك یان کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك له چوارچێوه‌ی سیسته‌می نێوده‌وڵه‌تیدا ناسنامه‌ی فه‌رمی و یاسایی نییه، ڕه‌نگه ئه‌م کۆمه‌ڵگه‌یه خاوه‌ن که‌لتور و زمان و مێژوی تایبه‌ت به‌خۆی بێت، هه‌روه‌ها خاوه‌نی هه‌مو پێکهاته‌کانی ده‌وڵه‌ت بێت وه‌ك (خاك، گه‌ل، حکومه‌ت)، جیا له‌وانه‌ش ده‌گونجێت کۆمه‌ڵگه هه‌بێت ناسنامه و هاووڵاتی بونی هه‌بێت له‌گه‌ڵ بنه‌ما سه‌ره‌کییه‌کانی به ده‌وڵه‌ت بون، به‌ڵام به‌هۆی فاکته‌ری ده‌ره‌کی یان ناوخۆیی له مافی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ بێبه‌ش کرابێت.

له کۆتاییدا بێ ده‌وڵه‌تی وه‌ك دۆخێکی نێوده‌وڵه‌تی کاریگه‌ری نه‌رێنی له‌سه‌ر ژیانی تاك و کۆمه‌ڵگا دروست ده‌کات، چونکه بێبه‌ش بون له مافی ده‌وڵه‌ت بون یان نه‌بونی ناسنامه‌ی فه‌رمی، ڕاسته‌وخۆ کاریگه‌ری له‌سه‌ر بواری ئابوری، کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی، هه‌روه‌ها قوڵترین کاریگه‌ری له ده‌رونی مرۆڤه‌کان دروست ده‌کات، هه‌ر بۆیه چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م پرسه پێویستی به هه‌ڵوێستی جددی کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی هه‌یه بۆ گۆڕینی ئه‌و یاسا و ڕێسایانه‌ی بونه‌ته ڕێگر له‌به‌رده‌م مافی چاره‌ی خۆنوسینی گه‌لان.

**٣/١) په‌یوه‌ندی بێ ده‌وڵه‌تی به‌ناسنامه‌وه:**

لە جیهانی هاوچەرخدا؛ پەیوەندی نێوان ناسنامە و بێ دەوڵەتی یەکێکە لە گرنگترین و ئاڵۆزترین پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گەلانی بێ دەوڵەت بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، کەلتورییان بون بە هۆکاری ژێر دەستەییان لە سایەی دەوڵەتانی داگیرکەر، لەم نێوەندەدا دو جۆری سەرەکی بێ دەوڵەتی هەن: یەکەمیان ئەو گەلانەی کە هیچ قەوارەیەکی سیاسییان نییە و دوەمیان ئەوانەی کە قەوارەی نیمچە سەربەخۆیان هەیە، بەڵام دانپێدانانی نێودەوڵەتییان نییە. کورد نمونەیەکی بەرچاوی ئەم دۆخەیە، دابەشبونیان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر یەکگرتویی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە.

" کورد وەك گەورەترین نەتەوەی جیهان لەڕوی ژمارەو جوگرافییاوە، کە نە دەوڵەت نە کیانێکی سیاسی سەربەخۆی هەیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانیش ئەوەیە سنوری جوگرافیای ئەم وڵاتە کەوتۆتە هەناوی لانکەی دیکتاتۆرە داگیر کەرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەڕاستی دا کورد بەدرێژایی مێژو نەك هەر ستەمی لێکراوە، بەڵکو بەردەوام هەوڵی قڕکردنی دراوە لەڕێگەی جینۆ سایدو سیاسەتەکانی تەتریك و تەعریب و تەفریسەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی دراوە"(نەجمەدین، ٢٠١٣، ١٨٨). ئەم دۆخە مێژوییە نیشانی دەدات کە چۆن نەتەوەیەکی گەورە بەبێ دەوڵەت دەتوانێت بەردەوام بێت لە مانەوە و پاراستنی ناسنامەی خۆی، سەرەڕای هەمو هەوڵەکانی سڕینەوە و توانەوە، کورد توانیویەتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نەك هەر بپارێزێت، بەڵکو بیکاتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ناوچەکەدا.

لەگەڵ ململانێی بەردەوام لەنێوان پاراستنی ناسنامەی کوردی و هەوڵەکانی توانەوە لە دەوڵەتە زاڵەکاندا، ئەم دۆخە کوردی کردوەتە نمونەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و ناسنامەدا. مێژوی سەدەی بیستەم پڕە لە نمونەی خەباتی گەلانی بێ دەوڵەت بۆ دامەزراندنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆ، هەردو جۆری بێ دەوڵەتی کێشەی گەورەیان بۆ کۆمەڵگەکانیان دروستکردوە، لە ڕوی دابینکردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی مافەکان و نوێنەرایەتی نێودەوڵەتییەوە. ئەم دۆخە وایکردوە زۆربەی ئەم گەلانە ڕوبەڕوی هەژاری، پەراوێزخستن و کێشەی کۆمەڵایەتی ببنەوە. پرسی ناسنامە و بێ دەوڵەتی ببێتە یەکێك لە گرنگترین پرسەکانی سەردەم، بەتایبەت کاتێك دەبینین هەردو جۆری بێ دەوڵەتی کاریگەری نەرێنییان لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگەکانیان هەیە.

ناسنامەی نەتەوەیی یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی کۆمەڵناسی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گرنگی ئەم چەمکە لەوەدایە دەرخەری جیاوازی و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانە "ناسنامەی نەتەوەیی: لەسەر یەك بنەما دروست بوە، ئەویش جیاوازی نێوان نەتەوەکانە، بریتییە لە کۆی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، کەتاکەکانی ئەم نەتەوەیە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە هەیە و بە هۆی ئەم بنەمایانە بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی دەکەن. ئەم ناسنامەیە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی دیکە"(صابر و ئەمین، ٢٠٢٤، ١٨٩). بەم شێوەیە، ناسنامەی نەتەوەیی تەنها کۆمەڵێك تایبەتمەندی ڕوکەش نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی تر و هۆکارێکی سەرەکییە لە دروستکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی و خواستی سەربەخۆیی.کاتێك لە ئەدەبیات قوڵ دەبینەوە دەبینین ناسنامە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیهانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، چالاکییان و بەرەنگارییان بۆ دامەزراندنی مافەکانییان." ناسنامە بابەتێکی گرنگە لە جیهانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا، لە کەیسی کورددا ئەمە زۆر بە ڕونی دەردەکەوێت، ئەمڕۆ دەگمەنە کوردێك خۆی بە عێراقی بزانێت، سەرەڕای ئەوەی کوردستان وەك یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ دانی پێدا نەنراوە، بەڵام لە ڕوی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی فەرمی دانی بە بونی کوردستاندا ناوە، ئەمەش بەتایبەتی دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی (٢٠١٧) زیاتر بەرجەستە بوە، کە ئیتر ناکرێت ناسنامەی کوردی پشتگوێ بخرێت لە هاوکێشە

سیاسییەکانی ناوچەکەدا"(Hazar, 2021, 13). ئەمە نیشانی دەدات، ناسنامەی کوردی لە ئاستێکی نوێی مێژوییدایە. هەرچەندە کورد هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، بەڵام ناسنامەکەی وەك فاکتەرێکی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی خۆی سەپاندوە. ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ سەلماندی کە پرسی کورد تەنها پرسێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو پرسێکی نێودەوڵەتییە کە پێویستە هەمو لایەنەکان بە هەند وەریبگرن. لەم ڕوانگەیەوە، ناسنامەی کوردی بوەتە هێزێکی کاریگەر لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها لە دۆخی بێ دەوڵەتیدا، پرسی ناسنامە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە تاکە بەرگرییە لە بەرامبەر هەوڵەکانی توانەوە و سڕینەوەی کەلتوری و نەتەوەیی."ناسنامە (شوناس) بەمانای کێبون و (کێیەتی) دێت، واتە کەسێك یان گروپێك بە چ شێوەیەك پێناسەی خۆی دەکات و دەیەوێت خۆی لە ڕێگەی چەند فاکتەر و بنەمایەکی کەلتوری، مێژویی، جوگرافی بەلایەنی بەرامبەر بناسێنێت، هەروەها تایبەتمەندییەکە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان تاك و نەتەوە و کۆمەڵگایەك لە تاك و نەتەوە و کۆمەڵگایەکی دیکە"(مەعروف، ٢٠٢٢، ١٥). لێرەدا دەردەکەوێت کە بێ دەوڵەتی وەك دۆخێکی سیاسی، پێویستی بە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە بۆ مانەوە و بەرەنگاربونەوەی هەوڵەکانی توانەوە. ئەمەش وادەکات نەتەوە بێ دەوڵەتەکان زیاتر پێداگری لەسەر تایبەتمەندییە کەلتوری و مێژوییەکانیان بکەن وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی بونیان. جگە لەوەش نەتەوە و خاك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە، کاتێك نەتەوەیەك لەسەر خاکێکی دیاریکراو دەژی، ناسنامە و خواستی سەربەخۆیی دو فاکتەری جیانەکراوەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە لەسەر خاکی خۆی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات.

دەبینین، نەتەوەی کورد سەرەڕای دابەشبونی خاکەکەی، ناسنامەی نەتەوەیی و خواستی سەربەخۆیی بەردەوام بەهێز ماوەتەوە. پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و ناسنامە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە "کاتێ دەوڵەتی خۆت نییە مێژو و کەلتوری خۆت لەدەست دەدەیت، ناسنامەت بەناوی خۆیانەوە پێ دەدەن،دەتوانن داوای مێژوەکەت بکەن و بیکەن بەهی خۆیان تەنانەت مافی ئەوەت لێ زەوت دەکەن هەڵپەڕکەیەکی دیاریکراو وەك کورد داوا بکەیت، دەبیت بە گەلێکی دزراو، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی خۆت هەبێت، دەوڵەت دەبێتە کتێبخانەیەك بۆت، دەتوانی شتومەکی نەتەوەکەتی تێدا بپارێزیت، لەو کتێبخانەیەدا دەزانی ناسنامەت چییە و مافەکانت چین"(Eliassi, 2021,106). لێرەدا دەردەکەوێت دەوڵەت تەنها قەوارەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو پارێزەری ناسنامە و مێژوی نەتەوەییە. نەبونی دەوڵەت مەترسی لەناوچونی ناسنامەی نەتەوەیی بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆیە خەباتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەنها بۆ سەربەخۆیی سیاسی نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی بونی نەتەوەییشیانە. بە ڕامان لە جەوهەری خەباتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا، دەبینین پەیوەندی نێوان مافی چارەی خۆنوسین و دەوڵەتسازی پەیوەندییەکی ستراتیژی و دانەبڕاوە، "مافی چارەی خۆنوسین هۆکارو (وەسیلەیە)، بەڵام مافی بەدەوڵەت بون ئامانجە، هۆکار هەرچییەك بێت ئێمە مەبەستمانە دەوڵەت سازبکەین، مافی بەدەوڵەت بون جێگرەوە و بەدیلی مافی چارەی خۆنوسین نییە، بەڵکو تەواوکەریەتی"(بڵاو کراوەی خانەی هزری کوردستان، ١٣،٢٠١٧) کەواتە مافی چارەی خۆنوسین و دروستکردنی دەوڵەت هەردوکیان لە پرۆسەی خەباتی نەتەوەییدا پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترن.

پەیوەندی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و بێ دەوڵەتی پەیوەندییەکی قوڵ و ئاڵۆزە لە خەباتی نەتەوە بندەستەکاندا. هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بوەتە هۆی بەهێزبونی هەستی نەتەوەیی و خواستی دەوڵەتسازی لەلایەن گەلانی بێ دەوڵەت. دەکرێت پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و ناسنامە لە چەندین ڕەهەندی گرنگ ببینین، لە ڕوی جوگرافیاوە، دابەشبونی کوردستان بوە هۆی بەهێزبونی هەستی یەکبونی نەتەوەیی، جگە لەوە

زمان وەك ڕەهەندێکی تر لە ئەنجامی داپڵۆسین و لاوازکردی زمانی کوردی لە تورکیا، دەبینین فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی وەك بەرەنگارییەك هەمیشە لە نوێبونەوە و بەهێز بون دابوە، جگە لەوە هەوڵی قەدەغەکردنی کەلتوری کوردی و جلوبەرگی کوردی لەبەشێك لە پارچەکانی کوردستان لە بۆنە تایبەتییەکاندا، بوە هۆی گەشەکردنی هونەری کوردی وەك شێوازێکی بەرخۆدان. هەروەها هەوڵەکانی شێواندنی مێژوی کورد بوە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە نوسینەوەی مێژوی ڕاستەقینەی کورد. جگە لەوەش پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و ناسنامە پەیوەندییەکی دولایەنەی بەهێزە، بێ دەوڵەتی وەك دۆخێکی سیاسی پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، لەلایەکی ترەوە ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە هۆکاری بەرەنگاربونەوەی دۆخی بێ دەوڵەتی، بۆ نمونە: هەوڵەکانی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بوەتە هۆی بەهێزبونی هەستی نەتەوەیی و خواستی دروستکردنی دەوڵەت، هەروەها نەبونی دەوڵەتی سەربەخۆ بوەتە هۆی پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ پاراستنی ناسنامە و کەلتوری نەتەوەیی.

## ٤/١) پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و پەنابەرێتی:

لە جیهانی پڕ لە ئاڵۆزی و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا، پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و پەنابەرێتی سیاسی وەك برینێکی کراوەی مرۆڤایەتی خۆی دەنوێنێت، بێ دەوڵەتی وەك دۆخێکی مرۆیی کە تیایدا کەسێك یان کۆمەڵێك لە دەرەوەی سنوری یاسایی و نیشتمانی خۆیان دەمێننەوە، بوەتە دیاردەیەکی جیهانی کە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ. لە بەرامبەردا، پەنابەرێتی وەك ڕەهەندێکی پاراستن و پشتیوانی بۆ ئەو کەسانە دێتە ئەژمار کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەهۆکاری جیاواز ڕوبەڕوی مەترسی و ستەم دەبنەوە، لە سەردەمێکدا کە مرۆڤایەتی بەردەوام لە دۆخێکی ئالۆزدایە، پەنابەرێتی وەك ڕوناکی و هیوایەك دەردەکەوێت، دەبێتە بانگەوازێك بۆ مافە زەوتکراوەکانی مرۆڤ.

"زاراوەی پەنابەر واتە هەرکەسێك کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بێت، یان لەحاڵەتی کەسێکدا کە هیچ نیشتیمانێکی نییە، لەو وڵاتەی ئەوکۆتا جار تێیدا نیشتە جێ بوە ناتوانێت یان نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی، هەروەها ناتوانێت یان نایەوێت لە پاراستنی ئەو وڵاتە کەڵك وەربگرێت، لە بەر چەوسانەوە یان ترسێکی بنەڕەتی لەچەوسانەوە بەهۆی ڕەگەز، ئاین، نەتەوایەتی، بون لەگروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، یان بۆچونی سیاسی جیاواز."(Gould,2019.27). لە کۆتاییدا، چیرۆکی هەرپەنابەرێك تراژیدیایەکی بەهێزە وەك پەڕتوکێکی کراوەیە کە هەر پەڕەیەکی وێنەی مرۆڤێکی بندەست و سەرکێشی مافەکانیەتی، ئەو تەنیا کەسێکی بێ نیشتیمان نییە، بەڵکو بەڵگەنامەیەکی زیندوی ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤ هەمیشە بۆ ئازادی و کەرامەت تێدەکۆشێت، نەك هەر لە چوارچێوەی وڵاتان، بەڵکو لە پانتایی جیهانی مرۆڤایەتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا "نەتەوە یەکگرتوەکان سێ پەیماننامەیان پەسەند کردوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە بون و بێ دەوڵەتی: پەیماننامەی ١٩٥١ سەبارەت بە دۆخی پەنابەران و پڕۆتۆکۆلی ١٩٦٧ی پەیماننامەی ١٩٥٤ سەبارەت بە دۆخی کەسانی بی دەوڵەت و پەیماننامەی ١٩٦١ سەبارەت بە کەمکردنەوەی بێ دەوڵەتی، کەسێکی بێ دەوڵەتی ناپەنابەر پاراستن لەژێر پەیماننامەی ١٩٥٤دا بەدەست دە هێنێت، لەکاتێکدا پەنابرێکی بێ دەوڵەت مافی پاراستنی هەیە لە ژێر هەردو پەیماننامەی بێ دەوڵەتی ١٩٥٤ و پەیماننامەی پەنابەرانی ١٩٥١ لەم حالەتانەدا پەیماننامەی پەنابەران پاراستنی فراوانتر دابین دەکات بۆ پەنابەرە بێ دەولەتەکان

". (NRC and Tilburg university,2015). دەکرێت بڵێین نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێگەی چەند ڕێکەوتننامەیەکەوە هەوڵی داوە چارەسەری کێشەی بێ دەوڵەتی و پەنابەران بکات. ئەم ڕێکەوتننامانە چەند چوارچێوەیەکی یاسایی گرنگیان داناوە بۆ پاراستنی مافەکانیان. کەسێکی بێ دەوڵەت کە پەنابەر نییە، مافی

پاراستنی هەیە لەژێر ڕێکەوتننامەی تایبەت بە بێ دەوڵەتی، لە هەمان کاتدا پەنابەرێکی بێ دەوڵەت پاراستنی زیاتر و فراوانتری هەیە، چونکە دەکەوێتە ژێر هەردو ڕێکەوتننامەی پەنابەران و بێ دەوڵەتی، کە پارێزگارییەکی تەواو لە مافەکانیان دەکات. "(Diaspora) وەکوچەمکێك لەنێو ئەدەبیاتی میللەتان بۆ دۆخی سەرهەڵگرتن و بەزۆر پەرتەوازەکردنی جولەکەکان تایبەت کراوە، پتر ئەوانی لە خەڵکانی میللەتانی تر پێ دەناسرێتەوە، دۆخیکی سیاسییە و بە زۆرەملێ بەسەریاندا سەپاوە. بەڵام دواتر دەبێتە چەمکێکی گشتی و لەفەرهەنگ و زمانی دیکەش دەردەکەوێت، میللەتانی تریش بۆ دۆخی سەرهەڵگرتن و تاراوگەبونی خۆیان بەکاری دێنن."(عەزیز و حەمە ئەمین، ٢٠١٨، ١٢٦).

بەم شێوەیە دەبینین کەوا چەمکی (Diaspora) سنوری مێژویی خۆی تێپەڕاندوە و تەنیا لە دۆخێکی تایبەت بە جولەکەکانەوە نەماوەتەوە بوە بە چەمکێکی گشتگیر کە گوزارشت لە حاڵەتی پەرتەوازەبون و دەربەدەری هەر نەتەوە و گەلێك دەکات. ئەمڕۆ ئەم چەمکە بەشێکە لە فەرهەنگی جیهانی و دەرخەری ئەو ئازار و مەینەتییەیە کە گەلان بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و دەربەدەربون لە نیشتمانەکەیانەوە توشی دەبن، بوەتە هێمایەك بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە ئازار و ناخۆشی و دەربەدەری گەلان. بەشی زۆری پەنابەران بۆ خۆشی و خواست و ئارەزو نییە کاتێك پەنا بۆ دەوڵەتێکی تر دەبەن، بۆ نمونە لە جیهانی ئەمڕۆدا، پەنابەری سیاسی یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین پرسەکانی مافی مرۆڤ "پەنابەری سیاسی: ئەو کەسە مافی پەناهەندەیی دەدرێتێ کە بتوانێت بەڵگەیەك پێشکەش بکات سەبارەت بەبونی ئەو ترسەی کە ڕوبەروی دەبێتەوە بۆ چەوساندنەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا، ئەگەر بە هۆکاری ڕەگەز، ئاین، نەتەوە یان شوناسەوە بێت، یان بەهۆی ئینتیما بونیەوە بێت بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی یان بیرورِا سیاسییەکانییەوە. "(جەبار، ٢٠٠١، ١٧٨). بەم شێوەیە؛ پەنابەری سیاسی دەبێتە مافێکی سەرەکی بۆ هەر تاکێك کە لەژێر هەڕەشەی چەوساندنەوەدایە.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە پاراستنی ئەم مافە و دابینکردنی ژیانێکی سەلامەت و ئارام بۆ ئەو کەسانەی کە ناچار دەبن وڵاتەکانیان بەجێبهێڵن. ئەمەش بەشێکە لە بەرپرسیارێتی مرۆیی و ئەخلاقی هەمو وڵاتێك. ئەم دیاردەیە ژیانی ملیۆنان مرۆڤی خستوەتە ژێر مەترسی و نائارامییەوە، بۆیە پێویستە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. "بێ نیشتمانی پەنابەران بەهیچ شێوەیەك بابەتێکی بچوك نییە نە لەبواری بێ نیشتمانی و نە لەبواری پەنابەریدا، لەساڵی ٢٠١٤ کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران دەسەڵاتی بەدواداچون بۆ پەنابەران و کەسانی بێ نیشتیمان هەیە، ڕایگەیاند کە (١٤,٤) ملیۆن کەسی پەنابەر لەجیهاندا هەیە و بێ نیشتمانن."(Tucher, 2017, 2). ئەم ژمارە زۆرە لە پەنابەران و کەسانی بێ نیشتمان پێویستی بە هەڵوێستێکی جیددی و یەکگرتوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە. پێویستە هەمو لایەك هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەم کەسانە کە بەبێ ویستی خۆیان بێ نیشتمان و پەنابەر بون، ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی هەمو وڵاتێك. بۆ نمونە لە مێژوی گەلی کورددا، پەنابەربون و کۆچی زۆرەملێ بەشێکی جیانەکراوەیە لە ناخۆشییەکانی ئەم گەلە، یەکێك لە نمونە هەرە زیندوەکانی ئەم دۆخە، ئەو کارەساتەیە کە لە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ئازار لە نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق ڕویدا." لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتننامەی ئازاری نێوان شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتی پێشەوا (مەلا مستەفا بارزانی) و ڕژێمی عێراق کوردەکانی عێراق بەهۆی ڕێککەوتنیان لەسەر سیستەمی ئۆتۆنۆمی عێراق لەساڵی (١٩٧٤) دا شەڕ و پاشەکشێیەکی گەورە لە نێوان مەیدانی جەنگ و شۆڕەشەکەدا هاتە ئاراوە دەرئەنجام لە(١٩٧٤/٩) دا ژمارەی پەنابەرانی کوردی باشور لە ئێران گەیشتە (١٠٠) هەزار کەس."(جەبار، ٢٠٠١، ٦). ئەم ڕوداوە مێژوییە، نمونەیەکی زیندوی پەنابەربونی بەکۆمەڵە کە پیشان دەدات، چۆن شکستی دانوستانە سیاسییەکان و سەپاندنی شەڕ، دەبێتە هۆی دەربەدەربونی گەلێك لە نیشتمانەکەی. ئەو کارەساتە مرۆییە، کە تێیدا سەد هەزار کورد ناچار بون ماڵ و

حاڵیان جێبهێڵن، لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو ستەمە بکەین کە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە و هۆکار بوە بۆ ئەم جۆرە لە دەربەدەری و پەنابەربون.

پەیوەندی نێوان بێ دەوڵەتی و پەنابەربون یەکێکە لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین پرسەکانی سەردەمی ئێستا. ئەم دو دیاردەیە وەك دو ڕوی یەك دراو وان، زۆرجار یەکتری بەهێز دەکەن و قوڵتر دەکەنەوە. کاتێك کەسێك بێ دەوڵەت دەبێت، مەترسی پەنابەربونی زیاتر دەبێت، هەروەها کاتێك کەسێك پەنابەر دەبێت، مەترسی بێ دەوڵەت بونی زیاتر دەبێت. مێژوی گەلی کورد نمونەیەکی زیندوی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەیە. وەك هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ئازار لە ساڵی ١٩٧٤، هەروەها لە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا، سەدان هەزار کورد بونە پەنابەر و زۆربەیان لە نێوان بێ دەوڵەتی و پەنابەریدا ژیانێکی سەختیان بەسەر بردوە. ئەم دۆخە تراژیدییە، کە ملیۆنان مرۆڤی تێکەوتوە، بەرهەمی سیستەمێکی نێودەوڵەتییە کە لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوە دامەزراوە. نمونەی تریش زۆرن وەك ڕۆهینگیاکان لە میانمار و فەلەستینیەکان لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، و کوردەکانی ڕۆژئاوا لە سوریا کە لە نێوان بێ دەوڵەتی و پەنابەریدا دەژین. ئەوەی ئەم دۆخە ئاڵۆزتر دەکات، نەبونی میکانیزمێکی کاریگەر و یەکگرتوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە. هەرچەندە نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین ڕێککەوتننامەی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی مافی پەنابەران و کەسانی بێ دەوڵەت، بەڵام لە کرداردا ئەم ڕێککەوتنامانە نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە:

### ١/٢) نەبونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك لێکەوتەیەکی بێدەوڵەتی کاریگەری لەسەر بەرهەم هێنانی شیعر لای پەشێو:

هەر تاکێك کە بێ دەوڵەت بو، بەشێوەیەك لە شێوەکان یان بێ ناسنامە دەبێ یان کەم و کوڕی لە ناسنامەی دەبێ. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی تاکەکە بە جێدەهێڵێ و هەوڵدەدات ئەو کەلێن و کەم و کوڕییە بەجۆرێك لە جۆرەکان یان هۆکارێك لە هۆکارەکان پڕبکاتەوە. لای شاعیران باشترین ئامرازی بەردەست بۆ ئەم مەبەستە و دواتر دەرکەوتنی وەك داهێنان بریتییە لە شیعر.

پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانە، ئەو وەك هەر تاکێکی دیکەی کورد خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نەبوە، ئەم کێشەیەی بوەتە هۆی ئەوەی باشتر شیعری بۆ بنوسێت. کاتێک کەسێک ناسنامەی نەبێت زۆر شت لە ژیانیدا ئاڵۆزو دژوار دەبێت، بەڵام پەشێو توانیویەتی ئەم دژواریە بکاتە هێز، بۆ نوسینی شیعر، چونکە شاعیر خۆی بە کەسێکی بێ ماڵ و بێ وڵات دەزانێ، بۆیە باشتر دەتوانێ باسی ئازار و دەردی هاوبەشی خۆی و خەڵک بکات.

ئەو کەسەی ناسنامەی نەبێت، هەست دەکات لە هیچ شوێنێک جێگای نییە. ئەم دەردە هۆکار بوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی لەقوڵایی ئەم هەستەوە بێنە بەرهەم. ئەو دەیەوێ بە زمانی شیعر بڵێت من هەم و من کوردم، شاعیر لەڕێگەی شیعرەکانییەوە توانیویەتی یاساو سنورە دەسکردە کانی سەرکاغەز تێپەڕێنێت و بونی نەتەوەیی خۆی وەك کورد بسەلمێنێت.

لەشیعرێکدا نوسیویەتی:

**بۆ قەرەجێك**

**بەس تەماشای ناولەپم کە!**

**خۆمن نامەوێ پێم بڵێی،**

**دەبم بەباوکی چەند منال،**
**زەنگین دەبم یا هەروا لات...**
**تەنیا شتێکم پێ بڵێ:**
**هەتا ماوم وەك تۆ دەژیم،**
**یاخۆ دەبمە خاوەن ولات؟!** (هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، ٢٠١٤،١٥)

ئەگەر سەیری شیعرەکە بکەین لە ساڵی ١٩٨٠ لە مۆسکۆ هۆنراوەتەوە، کاتێک پەشێو خۆی لە تاراوگە بوە، لەو سەردەمەدا کورد بەگشتی لە عێراق و وڵاتانی تر خەباتیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، شیعرەکە بە گشتی گوزارشت لە دۆخی نەتەوەی کورد و بێدەوڵەتبونی دەکات. ئەم شیعرە پەیوەندییەکی قوڵی بە چەمکی بێناسنامەیی و بێدەوڵەتییەوە هەیە، ئەگەر پەشێو شاعیرێکی بێ دەوڵەت نەبوایە، هەرگیز ئەم شیعرەی نەدەنوسی.

لەناونیشانی شیعرەکەدا دەبینین، پەشێو وشەی (قەرەج) ی وەک نیشانە و هێمایەك بەکارهێناوە بۆ بێ نیشتمانی و بێ وڵاتی، چونکە قەرج کۆمەڵەیەکی بێ نشتیمان و کۆچەرن، خاوەنی شوێنێکی دیاریکراو نین هەردەمەو لە شوێنێك دەژین. هێنانە پێشەوەی قەرەج و ناو نانی شیعرەکە بەم ناوە، وردەکاری زۆری تێدایە، چونکە قەرەج ڕاستە بێ وڵاتن، بەڵام ناسنامەیەکیان هەیە کە بێ وڵاتییە، هەرچی نەتەوەی شاعیرە چونکە دەوڵەتی نییە، ناسنامەشی نییە، ئەمەش واتە نەتەوەی بێ دەوڵەت وەکو قەرەج وایە.

شاعیر پرسیار دەکات (هەتا ماوم وەك تۆ دەژیم یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات ) وشەی تۆ و خاوەنی وڵات ئاماژەن بۆ دۆخی بێدەوڵەتی، تۆ (وەک قەرەج) و بێ نیشتمان و گەڕۆك، خاوەن وڵاتیش وەك ئەوکەسەی نیشتمان و وڵاتێکی سەربەخۆی هەیە و تێیدا هەست بەسەروەری و ئازادی دەکات.

لە دێری کۆتاییدا دەڵێ: (یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!) ئاشکرایە، پەشێو بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا وێڵە، شاعیر ناسنامەی نەتەوەیەکی دانپێدا نراوی نییەو نیشتمان و خاکێك نییە ئاڵای کوردی لەسەر بشەکێتەوە، بۆیە بەرۆکی قەرەجێکی گرتوەو پرسیاری لێدەکات. چونکە لەوکاتەی پرسیار دەکات ژیانی خۆی وەکو قەرەجێك دێتە بەر چاو کە لە تاراوگەدا ژیان دەباتە سەر ئەمە پرسیاری هەمو ئەوکەسانەیە کە بێدەوڵەتن لە نیشتمانی خۆیاندا یان لە تاراوگە دەژین.

بە گەڕانەوە بۆ مێژوی شیعرەکە و هەستی قوڵی بێ ناسنامەیی و غەریبی شاعیر لە دۆخی تاراوگە بەدی دەکرێت، لەشیعرەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، پەشێو وەکو تاکێکی ڕۆشنبیرو شاعیرێکی کورد لە دۆخێکی دەرونی ئاڵۆزدا ژیاوە و بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆیدا دەگەڕێت، وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی بێ ناسنامە.

**(پەشێو لەشیعرێکی تردا)**
**بۆ ئینتر ناسیۆنالیستێك**
**سەر کۆنەم مەکە!**
**منیش، وەکو تۆ، گۆی زەوی ماڵمە،**
**ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە،**
**وەك تۆ خوا کردم،**
**وەك تۆش دەمەوێ، تاسەر خوا کرد بم.**
**بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە،**
**چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!** (هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ١٣٤)

پەشێو لەم تێکستەدا دیالۆگێک دەخولقێنیت لەگەڵ کەسێکی ئینتەرناسیۆنالیست، (جیهانی) کە باوەڕی بە تێپەڕاندنی سنورە نەتەوەییەکان هەیە،

لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت: سەر کۆنەم مەکە / منیش وەکو تۆ، گۆی زەوی ماڵمە / ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە. لێرەدا شاعیر هاوبەشی دەکات لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیستێك، کە لە جیهان بینیدا منیش جیاوازیم نییە لەگەڵ تۆ لە هەستکردن بە جیهان وەک ماڵ وشوێنی ژیان.

کاتێك کە دەڵێ (گۆی زەوی ماڵمە). ئەمە بۆ هەرگەل و نەتەوەیەك دەربڕینێکی گشتگیرە، بەڵام بۆ کوردێکی بێدەوڵەت، دۆخێکی ناچارییە، چونکە کاتێک مرۆڤ نیشتمانی نییە، ناتوانێت بە ئاشکرا ناسنامەی خۆی دەربڕێت، هەمو جیهان بۆی دەبێتە ماڵ بە ناچاری. پەشێو دەیەوێ ئەوە لە کابرای ئینتەرناسیۆنالیست بگەیەنێ کە ئەو کەسێکی کراوەیەو باوەڕی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان هەیە، بەڵام جاوازی ئەو و ئینتەرناسیۆ نالێك ئەوەیە، کەسی ئینتەرناسیۆنال دەوڵەتی هەبوەو ئەو قۆناغە مێژوییەی تێپەڕاندوە کە بێ دەوڵەتییە، بەڵام پەشێو گیرۆدەی ئەو قۆناغەی مێژوە و تا تێی نەپەڕێنێ، ناتوانێ ببێ بە ئینتەرناسیۆنالیست، هەر بۆیە لە دێرەکانی دوایدا پابەندی خۆی بە تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە دوپات دەکاتەوە کە قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتە.

پەشێو لەبەردەوامی شیعرەکەیدا دەنوسێ (وەک تۆ خوا کردم / وەک تۆش دەمەوێ تاسەر خوا کرد بم) ئاماژەیەکە بۆ پرسی ناسنامەی کەسی، مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە (لە بوندا) هەمومان وەک یەک دروست کراوین، جیاوازیمان نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا زۆر تاك و نەتەوە ڕێگەیان لێ دەگیرێت، ئەوە بن کە سروشت پێی بەخشیون، بۆیە هەمیشە ئەوانەی ناسنامەیان لێ زەوت دەکرێت دەکەونە خەبات لە پێناویدا.

سەروبەندی شیعرەکانی دوبارە دەکاتەوە مەسەلەی کوردبون، (بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە / چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم) پەشێو تەنیا وەکو فۆڕمێکی هونەری شیعری نەنوسیوە، بەڵکو وەك چەکێک بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی بەکارهاتوە. کاتێک زمان و خاك و کەلتور و ناسنامەی نەتەوەیەک لەژێر هەڕەشەدا بێت، شاعیران وشەکانیان دەبێتە فیشەك بۆ بەرگری کردن لە جەستەی نیشتمان.

( ناهێڵن کورد بم) قوڵای برینی پەشێو لێرەدا دەبینرێت، چونکە ئاشکرایە دەوڵەتە داگیرکەرو زلهێزەکانی دونیا دان بە مافی کورد دا نانێن، ناهێڵن کورد بونی هەبێت وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، وەکو پەشێو دەڵێ: بۆیە کورد بون بۆتە ویردی سەرزمانم، دەبینین ئەم ڕێگریەش تاکی کوردی ڕوبەڕوی چ جەنگێکی دەرونی کردۆتەوە. شاعیر لەگەڵ خۆیدا دەچێتە نێو ململانێیەکی درونی دیکەوە، هەبونی خاك و پیرۆزییەکانی مرۆڤ بەیەکەوە گرێ دەدات. پەیامێکی کاریگەر دەنێرێ بۆ ئەوانەی خاوەنی دەوڵەت و نیشتمانی خۆیان نین.

**ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە!**
**سەرت شۆڕکە،**
**ملت کەچ کە،**
**چاومەگێرە**
**بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا -**
**ئەوی بستێك خاکی نەبێ،**
**خوا و ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟!** (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ١٦)

مەبەستی ئەم ئەوەیە گەورەیی و سەربەرزی مرۆڤ پەیوەستە بە خاکەکەیەوە. کاتێک لەسەر خاکی خۆت ڕاوەستاوی، وەك ئەوەیە وایە ئاسمان لەبەر پێت دابێت ئەوەندە سەربەرز و شکۆداری، هەروەها لە دەربڕینی (سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە)دا شاعیر جۆرێك لە دژیەکی دروستکردوە لەنێوان وشەی سەربەرزی و شەرمەزاری، چونکە سەر شۆڕکردن و مل کەچکردن نیشانەی شەرمەزاری و بێهێزی و شکستە. پەشێو دەیەوێت بڵێت، کەسێک خاکی نەبێت، سەری شۆڕە و ملی کەچە. کەسی ملکەچیش پێویست ناکات سەربەرزبکاتەوە و لە ئاسماندا بە دوای پیرۆزییەکاندا بگەڕێ، مرۆڤ ئەگەر خاوەنی خاکێك نەبو پشت ئەستور نەبو بە بونی دەوڵەتێك، ئەوا تەنانەت پیرۆزییەکانیشی پارێزراو نابن.

پەشێو هەمو ئەوانەی باسی کرد، دەیبەستێتەوە بە (بستێك خاك). ئاشکرایە؛ کەمترین بڕ لە خاك (بستێک)ە، شاعیر پێیوایە، هەرکەس نەیبێت، واتە هیچی نییە. لە کۆتاییدا زۆر بە ڕونی پێمان دەڵێت خاك و نیشتمان بنەمای هەمو شتێکن. بەبێ خاک، نە سەربەرزیت نە خوات هەیە، نە ئاسمان. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دۆخی دەرونی شاعیر بەرامبەر نەبونی ناسنامەی نەتەوەیی و بێ دەوڵەتی، هەروەها ئامۆژگارییەکە بۆ پاراستنی خاك. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ کە هەمو مرۆڤێك بە سروشت خاوەنی ناسنامە و خاکە، چونکە خودا بەبێ جیاوازی ئەوەی بەهەمومان بەخشیوە، بەڵام ئەوە سیاسەتی مرۆڤەکانە، کە هەندێك لەم خەلاتە خودایە بێبەش دەکەن.

پەشێو پرسی پێشبینییەکانی قەرەجێك و دونیا بینی ئینتەرناسیۆنالیستێك تێدەپەڕێنێ و پرسی خاك و وڵات دەبەستێتەوە بە شتە هەرە پیرۆزەکان لای مرۆڤ و دەنوسێ:

**لەدایکبون:**

**گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە،**

**بەڵام، دڵنیام،**

**جیهانی سبەی گوشاد و ڕونە:**

**لەدایکبونی منالێم دیوە –**

**قیڕەو لینگکوتان**

**یەکەم نیشانەی لەدایکبونە!** (هەسپم هەور و ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ١٣٣)

ئەم تێکستەی پەشێو بەڕونی شەڕی نێوان ناسنامە و ژیانی کورد وێنا دەکات، دەبینین شاعیر چەند وشە و دەستەواژەیەك دەکاتە بنەما بۆ نوسینی ئەم دەقە شیعرییە،(هاواری نەتەوە، سبەی، قیڕەو لینگکوتان، لەدایك بون)، هەروەها دۆخی دابەشبونی کوردیش لە نیشتمانی خۆیدا دەبێتە پاڵنەرێکی دیکە بۆ پەشێو، چونکە شاعیر لە سەردەمێکدا ژیاوە کە نەتەوەی کورد بەسەر چەندین دەوڵەتدا دابەشکراوە، ئەمەش بوەتە هۆی دروستبونی کێشەی ناسنامە، هەروەها سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژیێ، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە، زمان و کەلتوری کوردی دەدرێ. جگە لەوەش پەشێو خۆی دەردی ئاوارەیی و دەربەدەری چەشتوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تێڕوانینی شاعیر هەیە لەبارەی ناسنامە.

(گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە) لێرەدا پەشێو دان بە بونی هاوار و ئازاری نەتەوەکەیدا دەنێت. ئەم دانپێدانانە ئاماژەیە بە بونی زەبرێك بۆ هەوڵی سڕینەوە نەتەوەکەی. سەرەڕای سەختی و ناخۆشییەکان لەدێری دواتردا دەردەکەوێت شاعیر بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانێتە دوایی هاتنی ئەو دۆخەو باوەڕی بە داهاتویەکی گەشتر و باشتر هەیە بۆ نەتەوەکەی.

لەدرێژەی دەقەکەیدا (لەدایکبونی منالێم دیوە - قیڕەو لینگکوتان یەکەم نیشانەی لەدایکبونە) شاعیر لێرەوە پەیامێکی دڵخۆشکەر دەدات بە نەتەوەکەی دەڵێ ئەم پرۆسەیە سەرەتا ئازار دواتر ئازادی وەکو پرۆسەی لەدایکبونە: واتە،

ئازارەكانی ئێستای گەلی كورد، قۆناغێكی پێویستە بۆ هاتنە دی ژیانێكی نویێ، شیعرەكە پەیامێكی هیوابەخشی تێدایە كە سەختییەكانی ئێستا پێویستن بۆ دروستبونی داهاتویەكی باشتر، ئازاری كورد و ناسنامەی كوردی دەبەستێتەوە بە ژیان و نوێبونەوە كە بونە بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

هەروەها دەقی (دوازدە وانە بۆ منداڵان) دەربڕینێكی قوڵە لەسەر ئازار و هەستی بێناسنامەیی و غەریبی، پەشێو لەم شیعرەدا خەونێک دەگێڕێتەوە كە تیایدا وەک ڕێبوارێک بەرەو (بارەگای یوتان) دەچێت كە هێمایە بۆ ئەو شوێنەی تیایدا گەلان و نەتەوەكان بەیەكەوە كۆدەبنەوە. شاعیر وەك تاكێكی بێ ناسنامە بە (بێ وڵات و بێ ئاڵا) دەردەكرێت، چونكە ئەو هێمایە بۆ نەتەوەی كورد كە وڵات و ئاڵای سەربەخۆی نییە.

**منالەكان،**
**ئەی بێلانە ژینتالەكان،**
**شەو لە خەوما ڕێبوارێك بوم.**
**بۆ بارەگای (یوتان) دەچوم.**
**كەدەروازەكەی قوتی دام**
**ڕەشم بینی - ئاڵای هەبو،**
**سپیم بینی - ئاڵای هەبو،**
**هەرچیم بینی ئاڵای هەبو،**
**قیژاندییان:**
**ئەی بێ وڵات، بۆ دەرەوە!**
**ئەی بێ ئاڵا، بۆ دەرەوە!**
**منیش گوتم:**
**مەقیژێنن!**
**كە دەچمەوە**
**ئەم چیرۆكە بۆ منالان دەگێڕمەوە!** (پشت لە نەواو ڕو لە كرێوە، ٢٠١٤، ٢٥٦).

ئەم تێكستە بە ڕونی گوزارشت لە ئازاری شاعیر دەكات، وەک كوردێک هەست بە غەریبی دەكات لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، جیهانێک تیایدا هەر نەتەوەیەک بە ئاڵا و دەوڵەتی خۆی دەناسرێت.

قیژاندنی (ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە!) ئەمە ڕەتكردنەوەی ڕاستەوخۆی نەتەوەیەكی نەناسراوە، شیعرەكە نیشانی دەدات كە چۆن نەبونی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆی، بونەتە برینێكی قوڵ لە هەستی شاعیر و گەلەكەیدا. پەشێو لێرەدا دەنگی نەتەوەیەكە كە هەست بە غەریبی دەكات تەنانەت لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا، كۆمەڵگەیەک كە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئاڵا و دەوڵەت دروست بوە، ئەم دەقە شیعرە ڕیشەكەی بەستراوەتەوە بە ئەزمونی دور و درێژی گەلی كورد لەگەڵ بێدەوڵەتی و خەباتكردن بۆ بەدستهێنانی ناسنامە.

ئەگەر سەیری شیعری (ڕۆژباش كچانی...)یش بكەین پرسی ناسنامە تەوەری سەرەكی بابەتەكەیە، لە كۆپلەیەكدا ئەوە دەردەكەوێت كە پەشێو هەمیشە لە خەمی هاو زمانەكانی دابوە، دەیەوێت بە جیهان بڵێت مافی خۆمە منیش پێناسەیەكم هەبێت، گرینگ نییە ئەو پێناسە چ ڕەنگێكە و شێوەی چۆنە، تەنیا پێناسەی نەتەوەو نیشتمانەكەی خۆم بێت، دەڵێ:

**پاسەپۆرتێك بۆمن دانێن.**

**گرینگ نییە!**
**با ئەستور بێ، یا تەنكۆكە،**
**با لاكێش بێ، یا چوار گۆشە...**
**گرینگ نییە!**
**چۆنی دەڵێن با ئاوا بێ:**
**زەرد بێ،**
**سور بێ،**
**شین بێ،**
**مۆر بێ،**
**یا ڕەشێكی وەك قەتران بێ...**
**لەم ژینەدا بە حەسرەت بوم،**
**تەنیا ڕۆژێك**
**پێناسێكی زێدی خۆمم لە گیرفان بێ!** (هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤، ٢٥٦)

پەشێو بە ئاشكرا ئەو ئازارەی دەردەبڕێت كە بە درێژایی ژیانی حەسرەتی بەو شتەوە خواردوە كە بۆ زۆربەی خەڵكی دیكە ئاساییە، ئەویش ناسنامەیەكی فەرمییەكە پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بێت. شاعیر چەند وشەیەك دێنێتەوە وەكو كەرەستەیەك بەكاری دێنێ بۆ گەیاندنی و ئەو پەیام و ئازارەی بە دونیادا، شیعر دەكاتە كەناڵێك بۆ بانگەوازەكەی لەڕێگەی وشەكانی (پاسەپۆرت، ئەستور، تەنك، لاكێشە، چوار گۆشە، ڕەنگی زەرد، سور، شین، مۆر، ڕەش یان وشەی حەسرەت، پێمان دەڵێ: (لەم ژینەدا بە حەسرەت بوم)، ئەمە دەریدەخات كە شاعیر لە ناخیدا هەست بەكێماسی دەكات، یان هەست بە نەبون دەكات، لە جیهانێكدا كە بون تەنیا بەستراوەتەوە بەڵگەنامەی فەرمی و ناسنامەی دانپیدانراو، چونكە بەپێوەری جیهانی هاوچەرخ ئەگەر تاك و كۆمەڵگەیەك ناسنامەی نەتەوەیی نەبێت لەنەخشەی جیهاندا وەك نەتەوە بونی نییە، ئەمە گریانی شاعیرێك نییە بۆ پارچە كاغەزێك، بەڵكو پرسیاركردنە لە سیستەمێكی جیهانی كە مرۆڤ ناچار دەكات پێناسەیەكی فەرمی هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. پەشێو لەم شیعرەیدا كۆی فۆڕمەكانی بەڕێوەبردن و ئایدۆلۆژیا جیاوازەكان دەخاتە لایەك و كاری بە هیچیان نییە: ئەوەی بەلای ئەمەوە گرینگە هەبونی دەوڵەتێكە تا پێناسە و ناسنامە گشتییەكە وەربگرێ، ئەوەی دیكە وردە كارین لە بەڕێوەبردنی وڵات كە لە قۆناغی دوەمدا دێن، پەشێو ئەوە بە پەسند دەزانێ كە ئێمە هەوڵی وە دەستهێنانی دەوڵەتێك بدەین، جا ئەو دەوڵەتە هەر ڕەنگێكی هەبێ، دواتر لە هەنگاوی دوەمدا بێین لەناو ڕەنگی ڕەش و مۆر و زەرد و شین و لەناو چوارگۆشە و لاكێشەدا گونجاو ترین بۆ وڵاتەكەمان هەڵبژێرین.

**٢/٢) بێدەوڵەتی و پەنابەر بونی شاعیر وەك هۆكارێك بۆ بەرهەم هێنانی شیعر:**

پەنابەر بون و تاراوگە دیاردەیەكە كاریگەری گەورەی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری زۆرێک لە نوسەر و شاعیران هەیە. یەكێكە لە لێكەوتەكانی بێ دەوڵەتی عەبدوڵا پەشێو وەک یەكێک لە شاعیرە دیارەكانی كورد كە ئەزمونی پەنابەری و تاراوگەی هەیە، نمونەیەكی بەرچاوە لەو شاعیرانەی كە پەنابەر بون كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمەكانیان هەبو، دەبینین دوری لە نیشتمان هەستی دڵتەنگی و نۆستالژیا دروست دەكات، كە سەرچاوەیەكی گرنگە بۆ ئیلهام و نوسینی شیعر.

پەنابەری سەرەڕای سەختی و ناخۆشییەکانی، لای هەندێك شاعیرو نوسەر دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی شیعری قوڵ و پڕ مانا، کە دەتوانێت هەم گوزارشت لە ئەزمونی تاکەکەسی شاعیر بکات و هەم گوزارشت لە ئەزمونی هاوبەشی گەل و کۆمەڵگاکەی بکات.

**پەشێو دەڵێ:**

**سەرمای گەلێك شارانم دی،**

**بەڵام پەنجەم لە گۆ نەچون،**

**چونکە سەرمای هەمو جێیەك**

**تیشکێك ڕۆژی نیشتمانی منی تیایە.**

**گەرمای گەلێك شارانم دی،**

**بەلام گیانم وەرس نەبو،**

**چونکە گەرمای هەمو جێیەك**

**سروەیەکی نیشتمانی منی تیایە.** (پشت لە نەواو ڕو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٤٩٣)

ئەم دەقە شیعرییەی پەشێو بەرهەمی دوری و تاراوگەیە، ئەمەکاتێک نوسراوە کە شاعیر لە دەرەوەی وڵات بوە. لە تاراوگەدا سەرما و گەرمای شارە بێگانەکانی زۆر بینیوە، ساردی گەرمی تاراوگەش هەستی نۆستالۆژیا و یادەوەری نیشتمانی لە دڵی شاعیر زیندو کردۆتەوە، پەشێو بەسود وەرگرتن لەو جوگرافیا و ژینگەی ژیانی تێدا دەگوزەراند، توانیویەتی تێکستەکە بەرهەم بهێنێت، وشەی سەرما و گەرما و شاران و نیشتمان لە تێکستەکەدا دەبنە کەرەستەی وێنەیەکی خەیاڵی بۆ شاعیر و لەدایك بونی دەقێکی ئەدەبی

شاعیر کاتێك دەڵێ (پەنجەم لە گۆ نەچون) دەیەوێت پێمان بڵێ هەر چەندە ساردی دوری و سەرمای وڵاتانی دەرەوە گیان تەزێنە، بەڵام گەرمی یادی نیشتمان لە دڵی مندا بەهێزترە لە سەرمای واقیع. هەمان شتیش بۆ گەرما ڕاستە ئاشکرایە، گەرما گیان وەڕس دەکات، بەڵام بە سروە بایەکی یادی نیشتمان گیانی شاعیر فێنك بۆتەوە و هەستیی بەو گەرمییە نەکردوە، واتە شاعیر هیچ کات لە نیشتمانەکەی جیا نەبۆتەوە نە بە ساردی زستان و نە بە گەرمی هاوین، لەڕێگەی ئەم دەقە شیعرییەوە تێدەگەین لەدڵی شاعیر دا هیچ شوێنێک ناتوانیت جێگەی نیشتمان بگرێتەوە، ئەگەر چی جەستە لە غوربەتدا بێت، بەڵام ڕۆح هەمیشە لە نیشتماندایە، ئەمەش بەرهەمی دوری و تاراوگە بونی شاعیر نیشان دەدات.

ئەگەر سەیری شیعری (ماندویەتی) بکەین بە ڕونی ئەزمونی پەنابەر بون و کاریگەرییەکانی ژیانی هەندەران بە قوڵی لەسەر بیر و خەیاڵی شاعیر دەردەکەون. هەستی دوری لە نیشتمان و خۆشەویستی بۆ کوردستان و ئازارەکانی غوربەت و دەربەدەری لەم شیعرە دا ڕەنگیبان داوەتەوە. پەشێو وەك زۆربەی شاعیرانی پەنابەر، لە شیعرەکانیدا هەستی نامۆبون و هیوای گەڕانەوە و خەمی دوری لە نیشتمان و گەلەکەی دەردەبڕێت.

وەك دیارە شاعیر چەند وشەیەك دەکاتە کەرەستە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم شیعرەی، (بیلێت، جانتا، سەفەر، بەندەر، وێستگە، فڕگە) دروست وایە مرۆڤ بەهەر یەکێك لەمانە دڵخۆش بێت، چونکە ئامراز و ئاماژەن بۆ گەڕان و خۆشی و دنیا بینین، بەڵام لێرەدا دیارە کە هاودەم بونی پەشێو لەگەڵ ئەمانە هۆکارەکەی ناچاری و بێزاری و دەردی دورییە.

شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ: (خۆ لە هەر کوێی دنیا بم من، هەر کوردستان دەبینم). ئەمە دەریدەخات کە سەرەڕای گەڕان بە دونیادا، نیشتمان هەمیشە لە بیر و دڵیدایە. بێگومان، تاراوگە و ژیانی پەنابەری هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی

ئەم دەقە شیعرییەیە. پەشێو ئەم شیعرەی لە ئەزمونی ڕاستەقینەی خۆی لە تاراوگە نوسیوە، کە ژیانی تاراوگە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر بیر و هەستی هەبوە. تاراوگە بوەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دروستکردنی ئەم تابلۆ شیعرییە کە تیایدا شاعیر گوزارشت لە ململانێی نێوان مانەوە لە تاراوگە و ئارەزوی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات. هەر وەك لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت.

**من چیم داوە**
**لە بیلێت و جەنتاو سەفەر؟**
**هەتا کەنگێ، وەکو پەلیك،**
**لەبەندەر و وێستگەو فڕگان**
**دەکەوم و هەڵدەقۆزمەوە؟**
**خۆ لە هەر کوێی دنیا بم من،**
**هەر کوردستان دەبینم و**
**تەنیا ئەویش دەدۆزمەوە!** (سەولم پۆلاو کەناریش دور، ٢٠١٩، ٢٨٧)

ئەم هەستەشی هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بەرهەمی زیاتر لە هەژدە ساڵ دوری و دابڕانە لە نیشتمان

**هەژدە ساڵە**
**(هەژدە بەهار،**
**هەژدە هاوین،**
**هەژدە پایز،**
**هەژدە زستان**
**هەژدە عومری بێ کوردستان)**
**شەو دەمداتە دەست گزەنگ و**
**گزنگ دەڵێ:**
**"پەلەی چیتە؟!**
**ئارام بگرە هەتا شەوێ..."**
**هەژدە ساڵە**
**خۆشم سەرم لێ شێواوە –**
**نازانم... لێرەم... یا لەوێ!** (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ١٧٩)

ململانێی شاعیر لەگەڵ واقیعی تاڵی ژیان لە تاراوگە وەک ژیانێکی پڕلە ئازار و دور لە نیشتمان. ژیان لە دوری کوردستان ئەوەندە سەختە، شاعیر هەر بەوەندە کۆڵی لێ نەداوە پێمان بڵی هەژدە ساڵە دورم، بەڵکو هاتوە تا برینە وردو قوڵەکانی دوری ببینین، ساڵەکانی بۆ ورد کردوینەتەوە پێمان دەڵێ من هەژدە بەهارە لە وڵاتی خۆم دورم، هەژدە هاوینە، هەژدە پایزە و هەژدە زستان. دوبارە کردنەوەی ژمارە هەژدە پتر سەختی ژیانی بێ وڵاتیمان نیشان دەدا. لە دێری کۆتایدا، پەشێو دەڵێ: (نازانم لێرەم یا لەوێ) ئەمە ونبونی شاعیر نیشان دەدات لە نێوان دو جوگرافیاو دو ناسنامەدا، جەستە لە (تاراوگە)، ڕۆح و بیر و هەست (لە نیشتمان). ئەمەش پێمان دەڵێت چۆن پەنابەری مرۆڤ لە ناسنامەی خۆی دادەبڕێت و ناچاری

دەکات لە نێوان دو دنیادا بژی، دنیای واقیعی و دنیای خەیاڵی، هاوکات ئەم شیعرەی پەشێو گوزارشتە لە ئەزمونی ژیان دوری نیشتمان، ئەمەش بەرهەمی ڕاستەقینەی تاراوگە و پەنابەرییە.

ئەگەر سەیری شیعری (ئەو جارە بێمەوە) ی بکەین که لە ساڵی (١٩٧٥) ئەو شیعرەی لە مۆسکۆ نوسیوە، بۆمان دەردەکەوێت شاعیر لوتکەی بێتاقەتی خۆی دەردەبڕێت، ئاخ هەڵدەکێشێت لە دوری نیشتمان و بیری دار و بەرد و مناڵ و کانی و کانیاوەکانی کوردستان دەکات، ئەمەش ئەوپەڕی و بێزاری و نامۆ بونی ژیانی تاراوگەی شاعیر دەردەخات لە کۆپلەیەکی شیعرەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن شاعیر پەرۆش و دڵتەنگە لە دوری وڵاتەکەی.

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:**

**هەر بێشکەیێك بێتە ڕێگەم،**

**بەشێنەیی بەسەریا دەنوشتێمەوە.**

**ئاخ، مناڵان،**

**ئاخ، بەس ئەمجارە بێمەوە!** (پشت لە نەوا و ڕو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٣٦٢)

ئەمە ئەوپەڕی تامەزرۆییە و کەڵێنێکیشە لای هەمو تاکێکی بێ وڵات و بێ ناسنامە گرێیەکی دروستکردوە، بە دروستبونی دەوڵەت نەبێ، بە هیچی تر سارێژ نابێ. زۆر لە تاراوگە ژیان و هەبونی مەترسی لەسەر توانەوە لە ناسنامەی ئەوانی دیکەدا، واتلێدەکات بەربەست و ڕێگر دروست بکەی تا ئەم پرۆسەیە خاو بکەیتەوە تا دەکرێ ئەوە بمێنێتەوە کە هەی. لای پەشێو چیا دەبێتە هێمای نیشتمانی دور کە تەنیا لە یادەوەری و خەیاڵدا ماوەتەوە کاتێک شاعیر چیا دەبینێت، دڵی دادەخورپێت و ڕادەچڵەکێت. ئەم جۆرە کاردانەوە بەزۆری لە کاتی دوری و جیابونەوە لە شتێکی خۆشەویست دروست دەبێ. وەك لە شیعرەکە دا دەڵێ:

**لەهەرجێیەك چیاببینم -**

**دڵم،**

**وەك لە ژوانی یەکەممدا،**

**دادەخورپێ،**

**ڕادەچڵەکێ،**

**سەرسام دەوەستم لەبنیا...**

**واتێدەگەم،**

**لەچیای منڕا دەست پێ دەکەن**

**چیاکانی هەمو دنیا!** (پشت لە نەوا و ڕو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٤٩١)

لە کەلتوری کوردیدا، چیا تەنیا دیمەنێکی سروشتی نییە. چیا پەناگەیە، پارێزەرە، دەشێت بڵێین چیا بەشێکی جیانەکراوەیە لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد. کاتێک مرۆڤ لە تاراوگەدا دەژی، هەمیشە لە ڕوانگەی نیشتمانەکەی خۆیەوە سەیری دنیا دەکات، لە تاراوگەدا هەمو شتێک بەبەراورد لەگەڵ نیشتمان پێوانە دەکرێت.

پەشێو لێرەدا ئەزمونێکی هاوبەش لەنێوان هەمو ئەوانەی لە نیشتمان دورن بەرجەستە دەکات، ئەو هەستەی کە چەندە دوریش بیت، ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێک دەبینیت کە دڵت ڕادەچڵەکێنێت و دەتگەڕێنێتەوە بۆ یاد و یادگارییەکانی نیشتمان. ئەم شیعرە بەرهەمی کەسێکە ڕۆحی لە تاراوگەیەو جەستەی لە نیشتمان.

لەشیعرێکی تردا، کە بۆ نەورۆزی ساڵی(١٩٧٩) نوسیویەتی، ئەم شیعرە پڕە لە هەستی نیشتمانپەروەری و خولیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەیجولێنێت، لە دوری کوردستانەکەی تەنانەت بیری دارو بەرد و پنجە گیا کانی کوردستانیش دەکات، چونکە پێی وایە نەورۆز بێ شاخ و داخەکانی کوردستان هیچ چێژو مانایەکی تێدا نییە بۆ شاعیر، بۆیە لە کۆپلەیەکی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**بەیانی زو هەڵمسێنە!**
**دیسان مەڵێ،**
**با تێر خەوبێ...**
**سوێندم بەچیا خواردوە،**
**کە کوردستانە دورەکەم،**
**بە گەرمێن و کوێستانەوە،**
**بگوازمەوە بۆ غەریبی- بۆ ژورەکەم.** (پشت لە نەوا و ڕو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٤٦٠)

سوێندخواردن بە چیا، نیشانەی پەیوەندی بەهێزی نێوان شاعیر و خاکەکەیەتی، ئەم شیعرە وەسفی ئەو سۆزە قوڵەیە کە مرۆڤی ئاوارە و دورخراوە بەرامبەر بە نیشتیمان هەیەتی، لێرەدا شاعیر باس لە گەڕانەوە بۆ ژورەکەی لە غەریبیدا دەکات. کە خاکی کوردستان بە هەمو شاخ و دۆڵەکانییەوە، لەگەڵ خۆیدا بگوازێتەوە بۆ شوێنی ئاوارەییەکەی، ئەم شیعرەی پەشێو بەرهەمی هەستی نۆستالۆژیا و ئارەزوی گەڕانەوە بۆ نیشتیمانە، سەرەڕای ژیان لە غەریبیدا، کوردستانی بە هەمو سروشت و جوانییەکانییەوە لە دڵیدا هەڵگرتو.

## ئەنجام:

١. بێ دەوڵەتی لە پاڵنەرە هەرە بەهێزەکانی هۆنینەوەی شیعرە لای پەشێو.
٢. لای پەشێو شیعر تەنیا ڕۆڵی هونەری نابینێت، بەڵکو دەبێتە چەکێکی بەهێز بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی دژ بە چەوساندنەوە و سیاسەتی سڕینەوە.
٣. بێ ناسنامەیی و پەنابەر بون وەك دو لێکەوتەی بێ دەوڵەتی دۆخێکی تایبەت دەخولقێنن، کە سەرچاوەیەکی بەهێز و کاریگەرن بۆ بەرهەمهێنانی شیعر، شاعیر هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە داوە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییەوە.

## سەرچاوەکان


جبار، ئاسۆ (٢٠٠١) کۆچ و سەفەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
خانەی هزریی کوردستان (٢٠١٧) دەوڵەت و نەتەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کودستان، ژمارەی سپاردەنی (٩٠)ی پێدراوە.
عوسمان، سالار (٢٠١٧) کورد نەتەوەیەکی خۆدوێن و ڕێگەیەکی سەخت، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
محمد، پێشڕەو (٢٠٢٤) کورد و ئەزمونی بێدەوڵەتیی، چاپی یەکەم.
معروف، وریا (٢٠٢٢) شوناس و کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی.
نەجمەدین، موعتەسەم (٢٠١٣) کورد لە گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ.

صابر، پەرێشان خالد و ئەمین، سیروان جبار (٢٠٢٤) ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی١١، ژمارە٨.

عەزیز، کەیفی محمود و حەمەئەمین، یادگار ڕەسوڵ (٢٠١٨) لێکەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری پزوهشنامه ادبیات گردی، سالی چوارەم، ژمارەی٥.

Albarazi, Z. and van Waas, L., (2015) Statelessness and Displacement. Tilburg University. http://www.nrc.no/?did=9192750 (سەردانی کراوە لە: 2.6.2025 )

NRC and Tilburg University, (2015) *On the nexus between statelessness and displacement: Statelessness and displacement. Scoping paper*. [Online] Available at: https://www.nrc.no. (سەردانی کراوە لە: 2.6.2025).

Eliassi, B. (2021) *Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences.* In: Minorities in West Asia and North Africa. Sussex: University of Sussex / Catholic University of the Sacred Heart, Milan.

Gould, R., J. (2019) placing the stateless refugee: a philosophy of statelessness, nationality, and rights, Bucknell University.

Gubena, N., Groothuysen, D. and Feenstra, H. (2017) Reducing Statelessness: A Case Study – An Interdisciplinary Approach to Reducing Statelessness in the Netherlands. BA Thesis, Utrecht University.

Gurgen, S.R.,( 2020) *Syrian Descent Children at the Risk of Statelessness in Turkey*.

Hazar, k., m. (2021) stateless nations and Digital Identity Consonstryction, University of South- Eastern Norway.

Institute on Statelessness and Inclusion (2014) The World's Stateless. Oisterwijk: Wolf Legal Publishers.

Manly, M., van Waas, L., Berry, A. and Fransman, L., (2014) Statelessness: The Impact of International Law and Current Challenges.

Tucker, Jason (2017) Statelessness of Refugees in Denmark and Sweden, MIM WORKING PAPER SERIES, no 17:8.